# بەڵێ ی زەقنەبووت!!

عمری خطاط
omerxatat@yahoo.com



ڕۆژی 25.09.05 پەرلەمانەکەی پارتی و یەکێتی "بەدەم خەوەوە" بڕیاری دا کە خەڵکی کوردستان بە "بەڵێ" دەنگ بدەن بە دەستور، ئەو دەستورەی کە بڕیارە 15ی ئۆکتۆبەر دەنگدانی گشتی لەسەر بکرێ. دوو ڕۆژیش دوای ئەوە لە کۆبوونەوەیەکی مێژوویدا لە شارۆچکەی دوکانەوە تاڵەبانی و بارزانیش دەنگیان خستە پاڵ دەنگی پەرلەمان و داوایان لە خەڵکی کوردستان کرد "بەڵێ" بدەن بە دەستور!!

بەڵام بە ڕاست، پێش ئەوەی خەڵکی کوردستان بەڵێ بدەن بە دەستور، نابێت بپرسن کام دەستور؟ دەستورێک کە بە ئیشتیهای یەکێک لە ئەحمەقەکانی ئەم سەرزەمینە واتە "سیستانی" نوسرابێت و جمهوری کۆنەپەرستی ئیسلامی پاکنووسی کردبێت و دیموکراسی یە عەنتیکەکەی جۆرج بۆش پاڵپشتی کردبێت، ئەبێت چ دەسکەوتێکی تیابێت بۆ خەڵکی کوردستان تا ئەم بێ ئیشخانەیەی پارتی و یەکێتی کە ناوی پەرلەمانە بە بێ هیچ پرس و ڕایەک بە ڕای خەڵک و بەناوی ئەوانەوە مۆری ڕازی بوونی لێ بدات و بێشەرمانەش داوایان لێ بکات کە بە "بەڵێ" دەنگی بۆ بدەن!!

باشە ئێوە بۆ هەر دەبێت هەموو ڕۆژێک نەک جارێک بەڵکو سەد جار بیسەلمێنن کە دژی هەموو مافە سەرەتاییەکانی خەڵکی کوردستانن، بۆ یەک جاریش پرس بەو خەڵکە ناکەن ئەرێ بابە ئێوە ڕازی دەبن بەو بڕیارانەی کە ئێمە هەمیشە لەسەرو ئێوەوە دەیدەین؟ ڕازین بەوەی کە خۆتان بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆتان بدەن یان بەزۆر بتانخەینەوە ژێر سایەی حکومەتەکەی جەعفەری و سیستانی؟ باشە ئەوە سیستانی ئاییندەی ئەم دەستورە باش دەزانێت و دڵنیایە کە دەوڵەتی ئاییندە، دەوڵەتێکی ئیسلامی، دامەزراو لەسەر شەریعەت و پڕ بە پێستی عەباکەی شانییەتی و لێرەشەوە داوا لە خەڵکی عێراق دەکات دەنگی بەڵێ ی پێ بدەن، ئێوە بە چ ئاییندەیەکی ئەم دەستوورە دڵخۆشن؟ یان دەوڵەتێک هەموو پایەکەی ئیسلام و تایەفەگەری بێت، ئەبێت مافە مەدەنی و سیاسییەکانی خەڵک لە کوێیدا بێت؟ بەڵام بەڕاست من بیرم چوو کە ئێوەش بەشێکن لە داڕێژەرانی دەستور، بۆیە بەرژەوەندیەکانی ئێوەو سیستانی ناکۆک نیە!! ئەوەی ناکۆکە بەرژەوەندییەکانی جەماوەری خەڵکە لەگەڵ هەموو ئێوەدا بە سیستانی و بارزانی و جەعفەری و وردەواڵەکانی تریشەوە.

جەماوەری خەڵک دەیەوێت ئازاد بژی بەهەموو مانای ئازادی، ئەمەش لەسایەی دەستورێکی ئیسلامی – تایەفەگەری و دیموکراسیەکەی ئێوەدا خەوە.

هەر لێرەدا جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەو هەواڵە بکەین کە دوێنێ ئاژانسەکان بڵاویان کردەوە کە لەسەر سەرنووسەریی ڕۆژنامەی " الصباح" عێراقی، هەریەکە لە تاڵەبانی و جەعفەری کێشەیانەو هەریەکەیان کەسێکی پێ باشە کە ببێتە سەرنووسەر، لەسەر ئەمە دوێنێ پێنج شەممە پاسەوانەکانی هەریەک لە جەعفەری و تاڵەبانی بوونەتە کێشەیان و هێزەکانی جەعفەری دەستیان گرتوە بەسەر

کۆشکی کۆماریی دا، ئاژانسەکان دەڵێن کە ئاگەر هێزەکانی ئەمریکا نەبوونایە ئەوا لە نێوان پاسەوانەکانی تاڵەبانی و جەعفەریدا دەبووە شەڕێکی خوێناوی.
ئێمە دەپرسین ئەگەر بۆ دانانی سەرنووسەرێک هەرلە ئێستاوە ناکۆکن و شەڕتانە، ئاخۆ بۆ سبەینێ و لەسەر تولەڕێ یەک، بەرمیلە نەوتێک، کەرکوک، سنووری ئەو شوێنانەی کە پێ ی دەڵێن کوردستان ئەبێت چی روو بدات؟
عێراق لەسەر بۆمبێک لە کێشەی گەورە راگیراوە، لەسەروو هەمووشیانەوە کێشەی نادیاری چارەنووسی خەڵکی کوردستان.
پێش دەنگدان لەسەر هەر دەستورێک دەبێت چارەنووسی ئەم 4 ملیۆن کەسە لە خەڵکی کوردستان دیاری بکرێت، کە ئایا دەمێننەوە لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی، بە زەمانەتی ئەوەی کەهەر کاتێک مافەکانیان پێشێل کرا، بتوانن جیا ببنەوە، کە ئەمەش بێ زەمانەتی نێو دەوڵەتی ناکرێ، یان هەرلەئێستاوە حەزدەکەن جیاببنەوەو دەوڵەتی خۆیان پێک دەهێنن؟
بەبێ چارەسەری ئەم کێشەیە هەر بڕیارێک لەهەر شوێنێکەوە دەرچێت، بەتایبەتی بڕیاری "بەڵێ" دان بە دەستور، بڕیارێکی سەروو خەڵکی یە و پێشێل کردنی ڕاستەوخۆی ئیرادەی خەڵکی کوردستانە و ئەم چوار ملیۆن کەسە دەخاتە بەر مەترسیی پلە دوو بوونێکی ترەوە لە ئاییندەی دوای دەستوردا. هەر بۆیە:

بەڵێ بۆ دەستور، بەڵێ یە بۆ بۆ لەگۆڕنانی خواستی ریفراندۆمی ئازادانە بۆ خەڵکی کوردستان.
بەڵێ بۆ دەستور، بەڵێ یە بۆ زەوت کردنی مافەکانی ژنان و بە قانوونی کردنی بێ مافییەکانیان.
بەڵێ بۆ دەستور، بەڵێ یە بۆ سەرکوتکردنی ئازادی یە سیاسیەکان لە خۆپیشاندان، مانگرتن، پێکهێنانی ڕێکخراوە سیاسی و پیشەیی یەکان.
بەڵێ بۆ دەستور، بەڵێ یە بۆ بەهێزکردنی دواکەوتوویی، تایەفەگەریو عەشرەتگەری، پیاوسالاری و سایەکردن و بەهێزبوونی دامەزراوە دینی یەکان لە جێگەی دامەزراوە مەدەنی یەکان...
بەڵێ بۆ دەستور، بەڵێ یە بۆ سەرکوتی هەموو دەنگێکی رەخنەیی کە ناکۆک بێت لەگەڵ شەریعەت و ئیسلامدا.
بەکورتی و کوردی بەڵێ بۆ دەستور، بەڵێ یە بۆ چوونەژێر عەبا ڕەشەکەی سیستانی...
خەڵکی کوردستان.. ئەم بەڵێ یە مەڵێن بە دەستور.. لە جیاتی ئەوە فشاربهێنن بۆ بەڕەسمی ناسینی مافەکانتان پێش هەر دەستورێک.

**ئەم دەستورە کۆت و بەندە لە ملتان دەئاڵێ!**
**ئەم بەڵێ یە زەقنەبووتە!!**

**30.09.2005**